# چی بۆ کەرکوک بکەین؟ - بەشی 5 .... عبدالرحمن باوەگوڕگوڕی

- زۆر پێویستە لە سەر هەموو کوردێك زمانی بازای لە کەرکوك بکاتەوە بە کوردی هەروەکو سلێمانی و هولێر و دهۆك بە بێ هیچ دوو دڵی یەك لە گەڵ هەر کەسانێکی نەناسراودا بە کوردی دەدوێت چونکە هەموو دانیشتوانی رەسەنی کەرکوك کوردی دەزانن، ئەوانەی کوردیش نازانن پێویستە لەئەمرۆ بە دواوە فێر ببن لە بەر ئەوەی ئەوان لەکوردستان نیشتەجێن و لەسەریان پێویستە فێری کوردی ببن سەرباری بوونی کوردی بە زمانی رەسمی لە ئێراق دا. ئەمەش وەلام دانەوەیەکی رەوای ئەو سیاسەتە بەعەرەب کردنەیە کە لێ نەدەگەیان تەنانەت سەکنی پاسەکانیش بە کوردی بانگی نەفەر بکەن.

- کوردی کەرکوك لەپێش هەموو کەسێکەوە پێویستە لەسەری بەردەوام ناوی کوردی لە منداڵەکانیان بنێن وبە هیچ جۆرێك نابێت لە ژێر کاریگەری ئاین و خۆشەویستی باو باپیر ناوی عەرەبی بنێن چونکە ئەگەر ناوی کوردیان لێ نەنێن بیانەوێ یا نەیانەوێ خزمەت بە بەعس دەکەن و راستەوخۆ ئەو بیبارەی بەعس جێبەجێ دەکەن کەناونانی منداڵی کوردی قەدەغە کرد،وە هەروها پێویستە کار ئاسانی بۆ گۆڕینی ناوی ئەو منداڵانە کە بە هۆی بڕیاری قەدەغە کردنی ناوی کوردی دایك و باوکەکانیان ناچار کرابوون ناوی عەرەبی لێ بنێن بکرێت.

- دانانی رێژەیەکی تایبەتی لە کوردی کەرکوك لە کۆلیجی سەربازی و پۆلیس. لەبەر ئەوەی کوردی کرکوك پێش وەخت دەیزانی کەببێتە ئەفسەریش لەشارەکەی خۆی دانامەزرێت ودەچێتە بەرەی دژ بە گەلەکەی و جگە لە مەرجی سەرەکی بۆ وەرگرتن لەو کۆلیجانە بریتی بوو لە بە بەعسی و عەرەب بوون لەبەرئەوە کورد کەم یا زۆر خۆی لەو جۆرە کۆلیجە نەدەدا.

- پێویستە ئاهەنگی سەرەکی جەژنی نەورۆز ساڵانە بە گیەکەی باوەگویگوی گی بگرێت، شوێنێکی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت و جێگایەکی شیاو و بەر فراوان لە دەور و پشتی کەرکوك رێك بخرێت و ساڵانە ئاهەنگی نەورۆزی لێ ساز بدرێت.

- تەخت کردنی سەربازگەکانی رژێم (سەربازگەی فەیلەق-خالد-باروودخانە....... هتد) دابەش کردنی بە سەر ئاوارەو کەسوکاری شەهیدان لە گەڵ پێدانی هەموو کەرەستەی بیناسازی یارمەتی ماددی و پێویست،هەروها کردنی یەکێك لە مۆڵگەکانی رابردووی رژێم بەپارکێکی گەورە کە مرۆڤ لە جیاتی لێدان و پەتی سێدارە و بۆنی باروت،هەوای سەرفرازی تیا بمژێت،ئەوەی شایانی باسە جێگەی باروودخانە گونجاوترین شوێنە.

- سەر لە نوێ بنیاد نانەوەی فیۆکە خانەی کەرکوك و کردنی بە فیۆکە خانەیەکی نێودەوڵەتی مەدەنی هاوچەرخ کە هەموو خەڵکی کوردستان و عێراق و جیهان کەڵکی لێ ببینن بەتایبەتی لە بواری گەشت و گوزار و بازرگانی دا.
- دروست کردنی باڵەخانەیەکی تایبەت بە کۆیی زانیاری کورد لەشاری کەرکوك.
- هەرکەسێك کەرکوك ببینێت وا تێ ئەگات کە تازە لە شەیی جیهانی رزگاری بووە نەك شارێکە لەسەر دەریایەك نەوت بنیاد نرابێت. هەڵبەتە بەشی شێری کورد لە نەوتی

كەركوك لە (100%) تەنها دووكەڵەكەی بوو. لە بەرئەوە زۆر پێویستە بێژەیەكی پارەی فرۆشتنی نەوتی كەركوك بۆ ماوەی (10) ساڵ بۆ ئاوەدان كردنەوەی كەركوك و قەزا و ناحیەو گوندەكانی كە چەندەها ساڵە بۆ بە عەرەب كردنی تەرخان كرابوو تەرخان بكرێت و بایەخێكی بە پەلە و تێر و پی بۆ سەر لەنوێ قیرتاو كردنەوەی جادەكان و نۆژەن كردنەوەی هەموو دەزگا و نەخۆشخانە و راكێشانی زێراب و كردنەوەی باخچە و پاركی هاوچەرخ بدرێت چونكە (40) چل ساڵە ئەم شارە هەر دەدۆشرێت و هیچشی پێ رەوا نابینرێت،هەڵبەتە ئەو رەوشەی رابردووی كەركوك لەسایەی رژێمێكی شۆڤینی كارێكی ئاسایی بوو بەلاَم هەرگیز لە پاش دەریایەك خوێن هێشتا لە شەقەكانی ناولەپ و قاچی كورد خوێن چۆیابێت و منداڵی كورد لە بەرگرانی و نەداری لە سەرما بمرێت كاێكی رەوا نیە و ناكرێت قەبوڵ بكرێت.

-كردنەوەی سندوقێكی تایبەت لە كوردستان و ئەوروپا سەرەتا بۆ یارمەتی دانی ئەو خێزانانەی كەدەیانەوێت بگەیێنەوە و توانای ماددیان نیە. هەروها بۆدروست كردنی مەڵبەندی كۆكردنەوی وشەی كوردی لەشێوەی كتێبخانەیەك دا كە هەر چاپكراوێك لەهەر شوێنێكی جیهاندا بە كوردی دەربچێت یاخوود لە سەر كورد بنوسرێت بگرێتە خۆ.

- سەر لە نوێ دروست كردنی تیپی شانۆیی،مۆسیقا،وەرزشی،هەڵپەیكێی كوردی و هونەرەكانی تر لە شاری كەركوك تا بتوانن رۆڵی خۆیان لە و بوارانەدا بە تەواوی هاوشانی تیپەكانی تری كوردستان ببینن.

- دەر كردنی رۆژنامەو گۆڤارێكی یەكگرتوو بۆ كۆكردنەوەی هەموو خامەكان لە یەك دەفتەردا تاكو تینووێتی گشت لایەك بشكێنێت و هەموو دەرگا داخراوەكان بكاتەوە.

- هەوڵ بدرێت لە بری ئەو بایەخەی كە بەدرێژایی مێژووی حوكمی بەعس بە ناوچە عەرەبییەكانی داوە و بۆ دابین كردنی جۆرە هاوسەنگی یەك پێویستە لە ئایندەدا بایەخی زیاتر بە ناوچە گەورە كورد نشیەكەی كەركوك بدرێت و پرۆژەی ئاودێری مەزن و كارگەو كارخانەی وەكو پیترۆ كیمیای،پالاَوتگە............هتد تیا جێ بەجێ بكرێت.

- سەر لە نوێ ناو نانەوەی گەیەك و خوێندنگا و باخچە وشەقام و.... . هتد بە ناوە كۆنە رەسەنەكانی خۆیان و دانانی ناوی ناسك و گونجاوی كوردی جوان دوور لە مۆركی حیزبایەتی بۆیان و لێكردنەوەی پلێتە عەرەبییەكانی شارەوانی كە ناونیشانی گەیەكەكان بە مەبەستی سەپاندنی ناوی عەرەبی بەسەر كەركوك دا لەسەر كۆلاَنەكان دا هەڵواسراوە. چونكە رژێمی بەعس نەك تەنها دژایەتی ناوی كوردی كردووە بەڵكو دژایەتی هەر شتێك كە بۆنی كوردی لێ بێت كردووە،بۆ نمونە ئەو رێگەیەی كە بە ناوەیاست كەركوكەوە بۆ هەولێر دەچێت لە جیاتی رێگەی هەولێر ناوی (رێگای موسل) یان لێ نابوو.

- دروست كردنی باڵەخانەیەك وەكو ئەوەی هەڵەبجە تا بكرێت بە سەنتەرێك بۆ بەڵگەنامە مێژووی یەكان و دۆكیومێنت كە راستی دیندایەتی رژێمی بەعس لە گۆیینی مۆركی نەتەوایەتی كوردی لە كەركوك پیشان بدات، هۆڵیك بۆپیشانگای بەردەوامی كەل و پەل و كەلەپور وداب و نەرێتی كوردەواری بە گشتی و شاری كەركوك بەتایبەتی.

- پەر پێدانی کتێبخانەی گشتی کەرکوك دەوڵەمەند کردنی بە یۆژنامەو گۆڤاری کوردی، ئەوانەی کە لە رابردوو دەرچوون یا خوود تازە دەردەچن،بۆ ئەوانەی کە لە رابردوو دەر چوون دەشێت بیێك پارەی بۆ تەر خان بکرێت یا خوود بانگەواز بکرێت هەر کەس بەپێی توانا یارمەتی بدرێت و میراتی هەموو ئەدیب و نووسەران (خوانەکا هیچیان لێ بێت) تا چەند ساڵێکی دی بۆ کتێبخانەی کەرکوك بێت.

- بایخ دان بە چەمی خاسە و رێکخستنی بەشێوەیەك شارەکە جوانتر و قەشەنگ تر بکات،دیارە ئەو کارە پێویستی بە چاندنی دار و درەخت و دروست کردنی پارك و گەیاندنی ئاوێکی بەردەوام و بەردەوام پاك کردنەوەیە لەو قوی و خۆڵەی کە سالآنە لافاو لە گەڵ خۆی دەیهێنێت.

- لەسەر هەموو کوردێك پێویستە لە پاش دەرکردن و راگواستنی لە کەرکوك هەر کەسێکی لێ مردبێت یا شەهید بووبێت تەرمەکەی لە گۆی دەربهێنێت و بیگوازێتەوە بۆ کەرکوك و جارێکی تر لەوێ بینێژێت.

- ناو نانی گۆیە پانێك یا شەقامێك لە کەرکوك بە ناوی (نێلسۆن ماندێلا) (هەرچەندە دژ بە بەکارهێنانی هێزی ئەمەریکا بوو سەبارەت بە عێراقی ژێر دەستی سەدام) بەلآم وەك هێمای دژە یەگەز پەرستی و لێ بووردەیی و یەکسانی،پێشنیار دەکەم جادەی رێگەی بەغدا لەنێوان پردی سێ بۆ پردی چوار بەو ناوە ناوبنرێت،لە بەر ئەوەی یەکێکە لەم پێناوەدا (27) ساڵ بەندی لە باشوری ئەفریقیا بە سەر بردووە و بەوپەیی سەر بەرزی یەوە خەلآتی ئەتاتورك کە تورکیا ویستی پێی ببەخشێت رەفز کرد چونکە وەك خۆی دەڵێت ئامادە نیم (خەلآتی یەکێك وەرگرم کەدەستی بە خوێنی میللەتێکی چەند ملیۆنی سور بێت و هاشا لە بوونیان بکات) .

- عبدالرحمن باوەگورگوری (بەندە)
abbabagurgury@yahoo. com -